## بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان/عێراق

## بسم الله الرحمن الرحيم

دوابەدوای گرێدانی کۆبوونەوە گشتییەکانو کۆنفرانسە ناوچەییەکانو بەپێی بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پێشووی کۆمەڵو لەژێر دروشمی (وأمرهم شورى بينهم) لەڕۆژانی (8 ـ 10 شەوالی 1426) کۆچی بەرامبەر بە (10 ـ 12 تشرینی دوومی 2005)ی زاینی لە شاری سلێمانی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان کۆنگرەی یەکەمی ئاسایی خۆی گرێدا.

ئەم کۆنگرەیە کە بە ئامادەبوونی (502)ئەندام لەبرایانو خوشکانی سەرجەم ئۆرگانەکانی کۆمەڵ بەڕێوە چوو، لە کەش و هەوایەکی هێمنو ئازادو بەگیانی هەستکردنی قۆناغەکەو پابەندبوون بەو بنەمایانەوە کە کۆمەڵی ئیسلامیی لەسەر دامەزراوە، بڕگەکانی کۆنگرەکەیان دەوڵەمەند کردو ئەنجامی کۆنگرەش گیانێکی نوێو جۆشدانەوەیەکی تری تێکۆشانی بەئەندامانی کۆنگرەکە بەخشی، کە هیوادارین ئەو ئەنجامە ببێتە مایەی دەست پێکردنی قۆناغێکی پڕ لە ڕەحمەتو سەروەری بۆ تێکڕای کوردستان بەتایبەتیو عێراق بەگشتی.

لەڕۆژانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا ئەندامانی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بەپێداچوونەوەی کاروچالاکی ڕابردوو هەلومەرجی هەنووکەییو پێشبینی بۆ داهاتوو، پاش هەڵسەنگاندنو توێژینەوەی بابەتیانە، نەخشەی کاری نوێیان داڕشتەوە، کە لەم چەند خاڵەدا بەکورتی دەیخەینە ڕوو:

1ـ کۆنگرە بە وتەکانی بەڕێز مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی چووە ناو کاروچالاکی خۆی کەتیایدا تیشکی خستە سەر مێژووی ئەم تەوژمە تێکۆشەرەی کوردستانو دۆخی ئێستای بە گوێزانەوەی کاری ڕێکخستن بۆ پلانو بەرنامەو کاری جەماوەریی لەقەڵەمدا، کە ئەوەش بە خۆنەویستیو فەرامۆشکردنی زاتەوە دەبێت لە پێناوی بەجەماوەریبوونو چوونە ناو ڕەنجو ئێشو ئازارەکانی گەلەکەمانەوە، بەڕێزیان زۆر بەگەش بینییەوە ڕوانییە داهاتووی کۆمەڵ بەتایبەتی بوونی لاوان لەکارو چالاکیدا کە باسکی بەهێزو دڵسۆزی ئەم کۆمەڵەن.

2ـ لەڕاپۆرتی شوورای ناوەندیی بۆ کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی کەلەلایەن بەڕێز مامۆستا عەلی باپیرەوە لەژێر ناونیشانی "کارو پرۆژەی ئیسلامییمان لەڕابردوو ئێستاو داهاتوودا" پێشکەشکرا، بە تێرو تەسەلی باسی ڕابردووی کۆمەڵو هەورازو نشێوەکانی قۆناغەکانی تێدا کراو قۆناغی ئێستای بە بەرهەمی تێکۆشانی ڕابردوو لەقەڵەمداو ڕێزو پێزانینی بۆ خوێنو ئارەقەی ئەندامان دەربڕیو بۆ ئێستاو

داهاتووش ئاماژەی بەوەدا کەهەر قۆناغێك شێوازێکی تایبەتی خەباتی دەوێتو کۆمەڵی ئیسلامیی چەقبەستوو نییە لەسەر تاکە شێوازێکی خەبات.

3ـ کۆنگرە بەرێزدانانو نزای خێر بۆ شەهیدانی سەربەرزو خوێنی پڕبەرەکەتی ئەوانو خۆڕاگریی کەسوکارو بنەماڵەکانیان پێگەی ئەوانی بەرز نرخاندو خۆڕاگریو زیندانی سەربەرزانەی مامۆستا عەلی باپیرو هاوەڵانی ڕێز لێگرتو بەنیشانەی ستەم لێکرانی کۆمەڵی ئیسلامیی ناوبردو ئازادکردنی ئەوانیشی بەشایەتیدانی بەرائەتی ئەوانو کۆمەڵی ئیسلامیی لەقەڵەمدا، کە خۆپیشاندانو دەنگەکانیدەیان هەزار هاوولاتی کوردستان بەوانی تریشی سەلماند، هەروەها کۆنگرە بەرهەمی قۆناغی ئێستای کۆمەڵی ئیسلامیی بە بەرئەنجامی خوێنی شەهیدانو ئارەقەو ماندووبوونو تێکۆشانی دڵسۆزانەو ماندوویی نەناسانەی پێشمەرگە قارەمانو خۆنەویستەکانی کۆمەڵ بەتایبەتیو خوشكو برایانی سەرجەم ئۆرگانەکان بەگشتیو هەموو دۆستانو دڵسۆزانی کۆمەڵی ئیسلامیی دەزانێتو ڕێز لەو مێژووە پڕ لەسەروەرییە دەگرێت.

4ـ پاش خوێندرانەوەیان" کۆنگرە بەتێرو تەسەلی ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی چوارساڵی ڕابردووی ئۆرگانەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی تاووتوێ کردو سەرنجو تێبینی خۆی لەسەر خستنەڕوو، هەروەها سەرجەم ڕاپۆرتەکانیش ئەو خاڵەیان دووپات دەکردەوە کە کۆمەڵ سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگو لەمپەرانەی کە بۆی دروستکرابوو بووەتە حزبێکی جەماوەریو جێدەستی بەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکانی کوردستانو عێراقەوە دیارە بەتایبەتی دوای بەشدارییکردنو سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی کوردستانو عێراقدا هەروەها جەختیان لەسەر واقیع بینیو پابەندبوون بە شەریعەتەوە بە بەردەوامی بۆ سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵو ئۆرگانەکانی دەکردەوە.

5ـ کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان کە درێژەپێدەری کاروانی تێکۆشانی (25) ساڵەی ئیسلامپەروەری کوردستانەو هیچ کاتێ لە قۆناغە جیاجیاکانی تێکۆشاندا لە هێڵە گشتییەکانو پرانسیپە پەسەندکراوەکانی لاینەداوەو ستەم لێکرانو نەخوێندرانەوەو پەراوێزخستنی لەهەندێ قۆناغدا پەلکێشی نەکردووە بۆ حاڵەتێ کە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان بخاتە مەترسییەوە، جا بەپێی ئەو ڕابردووە پرشنگدارە کۆنگرە لەژێر سێبەری ئایەتی (لایجرمنکم شنئان قوم علی الا تعدلوا اعدلوا هو أقرب للتقوی) داکۆکی لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بناغەی ژیانی ئاسوودەو کامەران بۆ کوردستانو عێراق یەکتر خوێندنەوەو پێکەوە ژیانو هاوسەنگەرییە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان، هەروەها لەکاتی بێبەشکردنو ئۆپۆزیسیۆن بوونیشدا هەرچاکەو خزمەتگوزارییەك دەنرخێنێ کە بەقازانجی

هاوولاتیان تۆمار بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا تێدەکۆشێت ستەمی ماددیو مەعنەوی لەسەر ئەندامانو تاكو کۆمەڵی کۆمەڵگە هەڵگیرێت.

6ـ هەروەکو ڕاستییەکی بەڵگە نەویستی مێژوومان ئەوەی سەلماندووە کە هەرکاتێ ڕیزەکانی کوردەواریی‌پتەوو یەکگرتوو بووبێت ئەوا دەستکەوتی بەرچاو بۆ گەلەکەمان بەدەست هاتووە، هەر بۆیە کۆنگرە داکۆکی دەکاتەوە لەسەر هاوسەنگەریی ئەم قۆناغەی پێکهاتەکانی ئەمڕۆی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردستان و بە ئەسڵێکی چەسپاوی کارو چالاکی ئێستاو داهاتووی کۆمەڵی ئیسلامیی دەزانێت، بەشداریش لە لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا بەسەرخستنی تێکۆشانی پڕ لەناسۆرو چەوسانەوەی (80) ساڵی ڕابردووی خەڵکی کوردستانی دەزانێت کە ڕووبەڕووی جۆرەها نەخوێنرانەوەو ستەمی نەتەوەیی بوون، هەروەها کۆنگرە داوا لەلایەنە هاوپەیمانەکانی لیستەکەش دەکات چیتر بە نەفەسی حزبایەتییەوە حکومەتداری نەکەنو بەهەوڵدان بۆ چەسپاندنی حکومەتی یاسایی ڕێز لەمافی هەموو هاوولاتیان بگرنو بەدوورکەوتنەوە لەهەندێ ڕەفتاری ناشایستە گیانی پێکەوە ژیانو هاوسەنگەریی بەهێز بکەنو زەمینەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە خۆش بکەن.

7ـ کۆنگرە ڕووخاندنی ڕژێمی تاغووتی بەعس بەخاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی لەخەباتی گەلانی عێراق دەزانێتو پێزانینی هەیە بۆ یارمەتیدانی هاوپەیمانان لەو بوارەدا، بەلام ئەوەش بەهەڵەیەکی مێژوویی دەزانێت" یاسای ئازادکردنی عێراق کە لەلایەن ئیدارەی "بێل کلتۆن"ەوە دەرکراو داکۆکی لەسەر کرا" کەچی ئیدارەی دواتر لێی پەشیمان بوویەوەو بەکردەوە لەئەنجومەنی ئاسایشدا نازناوی داگیرکەری بۆ خۆی هەڵبژارد، کە ئەمە بوویە سەرچاوەی گەلێك لەو کێشانەی کە ئەمڕۆ هاوپەیمانانو حکومەتی نیشتیمانی عێراق پێوەی دەناڵێنن، ئەندامانی کۆنگرە هیوادارن کۆنگرەی ئاشتی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی کەلەلایەن جامیعەی ولاتانی عەرەبییەوە سەرپەرشتی دەکرێت سەرەتایەك بێت بۆ ڕزگاربوونی هاوپەیمانانو حکومەتی نیشتیمانی عێراق لەو قەیرانە ترسناكو پڕ لە تەمو مژە.

8ـ کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لە سۆنگەی ئەو ڕاستییەوە کە حزبێکی سیاسییو جەماوەری کوردستانییە، بڕوای وایە قۆناغەکە یەکدەنگیو تارادەیەکیش یەکڕەنگیمان لێدەخوازێت، هەر بۆیە کۆنگرە بڕیاریدا لەگەڵ ئالای کۆمەڵی ئیسلامییدا ئالای کوردستانیش لەسەر هەموو بنکەو بارەگاکانی هەڵبکات.

9ـ تێکۆشانی شاخو خوێنی شەهیدانو ئارەقەو ماندووبوونی ئەندامانی ئەم تەوژمە ئیسلامییەی کوردستان لەپێناوی چەسپاندنی دادپەروەریدا بووە" کە کرۆکی دادپەروەریش نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی ستەمی ماددیو مەعنەوییە لەسەر گەلەکەمان، هەر بۆیە کۆمەڵ وەك چۆن لقەکانی

خواپەرستی بەئەرکی موسڵمان دەزانێت هەرواش ڕووبەڕووبونەوەی ستەمو داگیرکاریو زەوتکردنی زەویوزاری هاووڵاتیانو دەرکردنیانو گۆڕینی واقیعی دیموگرافی بەئەرکو دژایەتی ڕژێمە ڕووخاوەکەی بەعسیشی بەخواپەرستی زانیوە، هەربۆیە کۆنگرە بەداکۆکی لەسەر بڕیاری فیدراڵییەتو چەسپاندنی مافی چارەنووسدا گەڕاندنەوەی کەرکوكو ناوچە زەوتکراوەکانی دیکەش بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەئەرکی خۆی دەزانێتو جێبەجێ کردنی ماددەی (58)ی قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بەگرنگو چارەنووسساز لەقەڵەم دەداتو لە هەر هەوڵێك بۆ گەڕاندنەوەی ئەو مافە بەخاوەن ماف دریغی ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ڕێزو مافی ژیانو دابینکردنی بژێوی بۆ هاوردەکان لەبەرچاو بگیرێتو ڕێگە نەدرێت ستەمیان لێ بکرێت، چونکە چارەسەری ئەو هەڵەیە بەهەولی ژیرانە دەبێت.

10ــ لەگەڵ ئەوەدا جۆشدانەوەی خەباتی هاوبەشو هاوسەنگەری دەبێ ئەسڵی خەباتی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بەتایبەتیو عێراق بەگشتی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بەتوندیی بەگژی گەندەڵی ئیداریو ئەو شێوازانەی بەڕێوە بردنی کاروباری هاووڵاتیان بچینەوە کە دەبنە هۆی تێکچوونی ڕیزەکانی حکومەتو میللەتو ئیدارەکەش بەرەو هەڵدێر دەبات، چونکە تەجروبەی ساڵانی ڕابردووی حکومەت سەرەڕای بەرزنرخاندنی کارە چاكو پڕ بایەخەکانی خزمەتگوزاری پڕیەتی لە گەندەڵیو دەستەبازیو حزبایەتیو ونبوونی سامانی ئەم میللەتە، کە ئەوە پشتی حکومەت لە پشتیوانی جەماوەر خاڵی دەکاتو سەرەتای هەرەسی هەر دەسەڵاتێکە.

11ـ لەسەردەمی ونبوونی دەوڵەتو سیستەمی پڕ لەدادی ئیسلامیدا پرانسیپەکانی دیموکراسی لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا نزیکترین سیستەمە بەدادپەروەریی کۆمەلآیەتیو چەسپاندنی مافی تاكو کۆمەڵ، هەربۆیە کۆنگرە داکۆکی دەکات لەسەر ئەوەی کە ئەوانەی بەدروشم داوای دیموکراسیو حکومەتی یاساو ئازادیو چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، کۆمەڵ بەکردەوە پشتیوانی لەوە دەکات کە ئەو دروشمو گوفتارە جوانانە کاڵای کرداریان بەبەردا بکرێت.

12ــ دەبێ ئامـاژە بەو ڕاستییەش بکەین کە ئەمجارەیان خوشکان بەشێوەیەکی چالاكو بەرچاو بەشدارییانکرد لە کۆنگرەدا جێگە پەنجەیان بەچەسپاندنو بەئەنجام گەیشتنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆمەڵ-ەوە دیارەو هەر ئەو تێکۆشانەش بووە مایەی بەرزبوونەوەیان بۆ ئاستە بەرزەکانی بڕیاردان لە داهاتووی کارو چالاکی کۆمەڵی ئیسلامییدا.

13ـکۆنگرە بڕوای وایە دەستووری عێراق گونجاوترین دەستوورە کە سەرەڕای سەرەنجمان بۆ بوارە شەرعیو نەتەوەییەکانی توانیویەتی ڕەزامەندی زۆربەی پێکهاتەکانی خەڵکی عێراق بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی داکۆکیکردن لە ئیسلامی بوونی عێراقو چەسپاندنی مافی فیدراڵییەت بۆ هەرێمی کوردستان،

هەربۆیە کۆنگرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵ بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان بەکەمتر لەوە ڕازی نابێت کە لەدەستووری عێراقدا چەسپاوەو بەڕیفراندۆمی عێراقییەکان پەسەندکراوە.

14ـ تیرۆر ـ کە بریتییە لە سەپاندنی بیروڕای خۆت بەسەر بەرانبەرەکەتدا بەزۆر ـ دیاردەو نەخۆشییەکی ترسناکی مێژووی مرۆڤایەتییە، لەم ڕۆژگارەدا بەشێوەیەکی ترسناك پەرەی پێدراوە، ئەو دیاردەیە نەك هەر نامۆیە بە دەقەکانی ئیسلام، بەڵکو قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامی بەکەسایەتییەکان بەتایبەتیو ئوممەتی ئیسلامی بەگشتی قوربانی تیرۆر بوون، هەربۆیە کۆنگرە بەتوندی هەموو شێوازەکانی سەرکوتکردنو ڕەشەکوژیو دیکتاتۆرییەتو تۆقاندن ڕەتدەکاتەوەو دژایەتی هەرجۆرە ستەمێك دەکات کە ئازادیی لەمرۆڤایەتی زەوت دەکات.

15ـ کۆنگرە لەسەر بنەمای بڕوا بوونی بەکاری شوورا لە دیاریکردنی بەرپرسان، بەکۆی دەنگ بەڕێزان مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجیو مامۆستا عەلی باپیر بە پێشەواو ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی هەڵبژاردەوەو هەر بەئامادەبوونی بەڕێز حاکم ڕزگار عەبدوڵڵا حەسەن ـ دادوەری دادی بەرایی سلێمانی ـ پرۆسەی هەڵبژاردنی شوورای نوێی بەڕێوە برد، هەروەها بڕگەو بڕیارەکانو چالاکییەکانی ناو کۆنگرە بەزۆرینەی دەنگو پاش وەرگرتنی ڕاو ڕای بەرانبەر بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کران، کە ئەمەش ئاماژەیەکی ئیجابییە بەداهاتووی پڕ لەڕاوێژی کاروچالاکی کۆمەڵی ئیسلامیی، بە تایبەتی کۆنگرە لە بەرفراوانترین چینو توێژەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی پێکهاتبوون، کە جگە لە نوێنەرانی سەرانسەری کوردستان ئەندامانی هەندەرانیش بەشێوەیەکی گونجاو بەشداربوون.

بەپێویستی دەزانین سوپاسو پێزانینمان بۆ هەموو ئەو لایەنە حکومیو حزبیانەی ئیدارەی سلێمانی ڕاگەیەنین کە دڵسۆزانە لەئاسانکاریی بەستنی کۆنگرەکەماندا بەشداربوون، هەروەها سوپاسی هەموو لیژنەکانی ناو کۆنگرەش دەکەین کە دڵسۆزانەو بەهەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە لەسەرخستنیدا بەجیدیی تێکۆشان.

لەکۆتاییدا داوا لە ئەندامان دۆستانو لایەنگرانمان دەکەینەوە کە دڵسۆزانە بۆ سەرخستنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا تێبکۆشنو لەو پێناوەدا لەهەر هەوڵێکی دڵسۆزانە دریغی نەکەن.

( وقل اعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون).

**کۆنگرەی یەکەمی**

**کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان/ عێراق**

**10ی شەوالی 1426 کۆچی**

**12 تشرینی دووەمی 2005 زاینی**

**سلێمانی**